# هەڕەشە لەڕۆژنامەنوس ڕەحمان غەریب بەتوندی مەحکوم ئەکەین

دوای ئەوەی کە هەواڵی هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنوس "ڕەحمان غەریب" لە کەناڵەکان بڵاوکرایەوە، لەڕێکخراوی کوردستانی حزب ڕاستی ئەم هەواڵەمان لەخودی ڕەحمان غەریبەوە بۆ دوپاتکرایەوە، کەوا لەلایەن بەرزان ئەحەمەد کوردەی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتیەوە، وێڕای سوکایەتی‌و جنێو هاوکات هەڕەشەی لێکراوە.

ڕەحمان غەریب تەنها بەتۆمەتی ئەوە توشی ئەم کێشەیە بوەتەوە کە ویستویەتی وەك ڕۆژنامەنوسێك‌و ڕاستگۆیەك‌و قەڵەم بەدەستێکی قەڵەم نەفرۆش، دزێوی گەندەڵیەکانی دەسەڵات‌و بەرپرسەکانی بێترس بخاتە ناو میدیاکانەوەو خەڵکی لێئاگادار بکاتەوە، ئەمەش سەرەتایترین ماف و ئەلف‌وبێ‌ی کاری ڕۆژنامەنوسیە کە بەرپرسی مەڵبەندو لێپرسراوانی ئەحزابی دەسەڵاتدار لەکوردستان ناتوانن‌و نایانەوێ لێی حاڵی بن.

ئەم هەڕەشە و چاوسورکردنەوانەش لە ڕۆژنامەنوسان‌و خەڵك بەرچاوی دەسەڵاتداران‌و دەزگاکانیانەوە ڕووئەدەن، ڕۆژ نیە کە لەسەر مەسائلی سیاسی‌و بۆچونی جیاواز لەگەڵ ئەحزابی دەسەڵاتدار خەڵك دەستگیر نەکرێت‌و توشی هەڕەشەو ڕاوەدونان نەبێتەوە. کە ئەمە دروست ئەکاتە پێشێل کردنی مافی ئازادی ڕادەربڕین‌و سەرکوتی ئازادی، وە بەڵگەیەکی ئاشکراشە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئیدعایەی کە گوایا ئازادی ڕادەربڕین‌و بیروڕا لەکوردستان وجودی هەیە.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم هەڕەشە کردن‌و جنێوفرۆشیی‌و دەم پیسیە بەتوندی ئیدانە ئەکەین‌و ڕیسوای ئەکەین، هاوکات ڕایدەگەیەنین کە پاراستنی سەلامەتی گیان‌و ژیانی ڕەحمان غەریب لەئەستۆی دەسەڵاتدارانەو لە هەر مەترسیەك بۆی ئەوان بەرپرسن.

بژی ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی

بژی ئازادی بیرو و ڕا دەربڕین

**ڕێکخراوی کوردستانی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2007/3/10